# گۆشەیەك لە هەڵسوڕانەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراق

**یابان/ سەردانی 17 ڕۆژەی هاوڕێ ئاسۆ جبار بۆ یابان سەركەوتووانە كۆتایی پێهات.**

لە درێژەی گەشتە سیاسی‌یەكانی وەفدەكانی حزب بۆ خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕۆژی 22-10 هاوڕێ **ئاسۆ جبار** كادری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق و ئەندامی كۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حزب وبەرپرسی تۆڕی نوێنەرایەتی یەكێتی بێكاران لە دەرەوەی وڵات سەردانێكی 17 ڕۆژی بۆ یابان دەست پێكرد، لەم سەردانەدا وێڕای بەسەركردنەوەی هەڵسوڕانی كۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ مقاوەمەتی مەدەنی لە عیراق، چەندین هەڵسوڕانی گرنگی تری ئەنجام داوە.

هاوڕێ ئاسۆ جبار بە هاوكاری هاوڕێ **شنە أنور** ئەندامی ڕێكخراوی ئازادی ژن سەرەڕای بەشداری كردن لە دوو فیستیڤاڵی گەورەی كرێكاری بە ناوی ( فیستیڤاڵی یەكێتی كرێكاریی ) لە هەردوو شاری گەورەی یابان تۆكیۆ و ئۆساكا، كە تەنها لە شاری اوساكا زیاتر لە 17 هەزار كرێكار بەشداری تیا كردبوو، هەروەها چواردە سیمینار ، پێنج كۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی ، چەندین چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەگەری ، چاوپێكەوتنی ڕەسمی لەگەڵ أتحادیە وئەحزابەكانی یاباندا ئەنجام داوە.

شایانی باسە كۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ مقاوەمەتی مەدەنی لە عیراق كە بە دەستپێشكەری حزب و لایەنە چەپە یابانی‌یەكان پێكهاتووە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا سەدان ئەندامی گرتووە وپەیتا پەیتا ژمارەی ئەندامانی زیاد دەكات.

**لەندن/ شەوی هاوپشتی لەگەڵ كرێكارانی عیراق**

شەوی 15/ 10 كۆمیتەی حزب لە بەریتانیا بە هاوكاری كەمپینی No Sweat هەستا بە سازدانی شەوێك بۆ هاوپشتی لەگەڵ كرێكارانی عیراق ، نزیك بە 400 كەس بەشداری‌یان تیادا كرد.

ئاهەنگەكە لە لایەن **مارك توماس و سیمون مانری** كە دوو كەس لە بەناوبانگترین هونەرمەندە كۆمیدیەكانی بەریتانیان، ئاهەنگەكە لە سەنتەری شاری لەندنەن لە Conway Hall بەڕیوە چوو.

شایانی باسە هاوڕی **هوزان محمود** ئەندامی كۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حزب لە میانەی ئەم ئاهەنگەدا سەبارەت بە وەزعی كرێكارانی عیراق وجووڵانەوەی كرێكاری لەم وڵاتە بۆ ئامادەبووان قسەوباسی كرد بەگەرمی پێشوازی گەورەی لێكرا.

**پاریس/** بەشداری هوزان محمود لە كۆنفرانسی ( ئیسلام لە بەرامبەر ئیسلام )

لە ڕۆژەكانی 30 و 31 ی ئۆكتۆبەر **هۆزان محمود** ئەندامی كۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق ونوێنەری ڕێكخراوی ئازادی ژن بە مەبەستی بەشداری كردن لە چەند سیمینار وكۆبوونەوە سەردانێكی دوو ڕۆژەی بۆ پاریس ئەنجام دا.

لە 30 ئۆكتۆبەردا لە كۆنفرانسی( ئیسلام لە بەرامبەر ئیسلام) بەشداری كرد كە لە لایەن ڕێكخراوێكی تونسی بە ناوی AIME سازدرابوو. لەم كۆنفرانسە 12 ووتەبێژ لە وڵاتانی جۆراوجۆر بەشداری‌یان كرد، هۆزان محمود وەك نوینەری ریكخراوی ئازادی ژن بە باسێك لە ژێر ناونیشانی ئیسلامی سیاسی ومافەكانی ژنان لە عیراقدا بەشداری كرد.

هەروەها لە ڕۆژی 31 ی ئۆكتۆبەر هوزان محمود لە سیمینارێكی دەستەی كۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەكان كە ڕێكخراوی چەپی فەرەنسی بەشداری كرد سەبارەت بە وەزعی عیراق ودەور وجێگاوشوێنی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق لە عیراق قسەوباسی كرد.

بەشی دووەمی سیمینارەكە سەبارەت بە وەزعی بەریتانیا بوو، هوزان محمود نەزەر ولێكدانەوەی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری لەمەڕ وەزعی چەپی بەریتانیا وبەتایبەتی هەڵویستی سۆسیالیست وۆركەر پارتی (SWP) قسەوباسی كرد وسیاسەتەكانی ئەم حزبەی سەبارەت بە مقاوەمەت لە عیراقدا ودەوری ئەم حزبە لە پیكهینانی حزبی احترام (Respect Party) بە هاوكاری ئیسلامی‌یەكان بەریتانیا بۆ بەشداری لە انتخابات دایە بەر ڕەخنە، كە لە ئەنجامی ئەمەدا زۆر مەسەلە بۆ ئەمادەبووانی ڕوون بووەوە وخوازیاری پەیوەندی زیاتر لەگەڵ حزب و گەیاندنی هەواڵی چالاكی و هەڵسوڕانەكانی حزب بە خوێنەرانی بڵاوكراوەكانی خۆیان بوون.

**سامان أحمد**

**لە سكرتاریەتی كۆمیتەی مەركەزی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق**

2004-11-11